لە شاری هەولێری پایتەخت نوێژی هاتنی باران ئەنجامدرا

لە شاری هەولێری پایتەخت نوێژی هاتنی باران ئەنجامدرا.

ئەمڕۆ شەممە، لە شاری هەولێری پایتەخت بە بەشداری ژمارەیەکی زۆر لە پیاوانی ئاینی و هاوڵاتیان، بە سەرپەرشتی یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان نوێژباران ئەنجامدرا و نوێژخوێنان لە دوای نوێژەکە نزاو پاڕانەوەی بارانبارینیان لە خودا کرد.

جێگای باسە، ئەمساڵ لە بەشێکی زۆری ناوچەکانی هەرێمی کوردستان تاوەکو ئێستا بەی پێویستی باران بە چاندنی دانەوێڵە نەباریوە کە پشت بە ئاوی باران دەبەستێت، بە تایبەت لە ناوچە دەشتاییەکانی هەولێر کە ماوەیەکی درێژە بارانی لە نەباریوە.

هەر دوای نیوەڕۆی ئەمڕۆ شەممە، باران بارین گووی لە شاری هەولێر کرد کە تا ئێستا شەوی شەممە بەردەوامی هەیە.